# وێنەی شیعری لە شیعرەکانی وەفایی دا
## (بە نموونە وێنەی خواستن)

م.م. مەریوان حسین فەرحان      م.م. هەژار فەقێ سلێمان حسین
زانکۆی چەرمو ، فەکەڵتی پەروەردە

تاريخ استلام البحث : ٥ / ٦ / ٢٠١٦      تاريخ نشر البحث : ٢٣ / ٨ / ٢٠١٦

**پێشەکی:**

بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی شیعری کلاسیك و نزیکبوونەوە لە ئامانج و مەبەست و ئێستاتیکای ئەو شیعرانە، پێویستە لەو تیۆرییانە نزیك ببینەوە، کە ئەو شیعرانەی لەسەر بنیاتنراوە، یەکێك لەو تیۆرییانەی کە شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەلاتی بەگشتی و شیعری کلاسیکیی کوردی بەتایبەتی لەسەری بونیادنراوە، هونەرەکانی ڕەوانبێژی بوون، بێ گەڕانەوە بۆ ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژی، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی شیعری کلاسیکی ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت، لەنێو هەموو ئەو هونەرانەش هونەر و وێنەی خواستنە، کە بە دیدی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی گرنگترین و بەهێزترین درووستکەر و داڕێژەری وێنەیە لە شیعردا لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا.

شیعرەکانی وەفایی [١] وەك شیعرگەلێکی بەرچاوی نێو شیعری کلاسیکی کوردی، لەمڕووەوە کاری لەسەر نەکراوە، تاوەکو پەی بە بەرزی وێنە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە ببرێت و زیاتر لە شاعیرێتی ئەم شاعیرە بگەین و توانا و سەلیقەی شیعری و زمانی و هونەری ئەم شاعیرەمان بۆ ڕوونبێتەوە، هەر بۆیە ئێمە لەخەممانەوە بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی وەفایی (شیعرە کوردییەکان) بەو پێودانگ و پێوەرانەی ئاماژەمان پێدا، دەمانەوێت کار لەسەر شیعری ئەم شاعیرە بکەین و ئەو دەقە شیعرییانە بەرباسبدەین، کە لە ڕێگەی وێنەی خواستنەوە بونیات نراون، بەو هیوایەین لێکۆڵینەوەکە بتوانێت خزمەتێك بە ئەدەبی کوردی و شیعری وەفایی بکات و ببێتە دەرەچە و دەلاقەیەك بۆ لێوەڕوانینی شیعری وەفایی.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :**

**کەمی کارکردن ولێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی وەفایی لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا، بە تایبەتیش کارکردن و لێکۆڵنەوە بەم پێوەر و پێودانگە، واتا لە ڕووی وێنەی شیعری بەگشتی و وێنەی خواستن بە تایبەتی، کە ئەم لێکۆڵینەوە مەبەستییەتی، بۆ ئەوەی توانا و سەلیقە و باکگراوندیی شیعری وەفاییمان بۆ دەربکەوێت.**

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی وەسفی- شیکارییە و سەرچاوەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی خواستن، پاڵپشتی تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە دەکات و لەو گۆشەنیگایەوە کاری لەسەر دەکات.**

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە :**

**پرۆگرام و ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر پێکدێت :**

**لەتەوەری یەکەمدا ، باس لە چەمك و زاراوە و گرنگی وێنەی شیعری و ڕۆڵی وێنەی شیعری وەك بونیاتێکی گرنگ بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە بونیاتی شیعر و پەی بردن و دەستنیشانکردنی شیعرییەتی دەق لەڕووی وێنەی شیعرییەوە، دەکرێت.**

**لەتەوەری دووەمدا، چەمك و زاراوەی خواستن بەرباسدەدرێت وەك گرنگترین و تۆکمەترین درووستکەری وێنەی هونەری لە شیعری کۆن و نوێدا و خستنەڕووی تێڕوانینی لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەوبارەیەوە.**

**لەتەوەری سێیەمدا : تیشك دەخرێتە سەر خواستن و جۆرەکانی، وەك درووستکەری وێنەی هونەری لە شیعری وەفاییدا ، ئەمەش بە پراکتیککردنی لە سەر شیعرەکانی وەفایی.**

**لە دواتریشدا خستنەڕووی ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە، پاشان سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە و لە کۆتاییدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، خراوەتە ڕوو.**

## تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری، کە چەند زاراوەیەکی تری بۆ دانراوە، وەکو وێنەی ئەدەبی و وێنەی هونەری و تابلۆی شیعری و ...هتد. یەکێکە لە زاراوە رەخنەییە دیارەکانی نێو دنیای ئەدەب و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، ((وێنە لە رەخنەی ئەورووپیدا ( image)ی پێدەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، ئاشکراشە کە وشەی (imagination)ی ئینگلیزی لە وشەی (imagimoto)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بەرامبەری لە یۆنانیدا (pnantasia)یە و ڕاستەوخۆی وشەی ئینگلیزی (fancy) لێوەرگیراوە، کەواتە وشەی(imagination)بەواتای خەیاڵ دێت، لە یۆنانیش(pnantasia) بەواتای خەیاڵ دێت، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرە و لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا بەشدارییەکی فراوان دەکات))[٢].

وێنەی شیعری کێشانی وێنەی خەیاڵییە و کاریگەرییەکەی پەیوەستە بە دەروون و توانای شاعیرەکەوە، هەیە بەرهەست و بەرجەستەیە، هەشە بە پێچەوانەوە درووستکراو و بەرهەست نییە [٣] ئەگەر بە سادەیی لەم زاراوە بروانین، دەبینین بەواتای کێشانی وێنە دێت لە شیعردا و بەوشە، شیعریش هیچ نییە جگە لە کیانێکی زمانی و زمانیش لە ڕێگەی وشەوە خۆی مانیفێست دەکات، بۆیە یەکێك لە پایەکانی دروستکردن و بونیاتنانی وێنە لە ڕێگەی لێکدانی وشەکانەوە دەبێت و کارکردنە لە ئاستی فۆرمدا وەك لای ئەرستۆ ئەمە روونکراوەتەوە، یەکێکی تریان لە ئاستی ناوەڕۆك و دەستکاریکردنی واتا باوەکان، ئەوی تریان کە بنەڕەتی پێدەری شیعرییەت و چێژە، روونکردنەوە و بەراوردکرنە، کە ئەمەی دواییان توانای درووستکردنی ناکۆتا وێنەی هەیە، لەم رووەشەوە (سی.دی. لویس) سەبارەت بە بونیاتی وێنە دەڵێت: ((وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە درووست دەکەن))[٤] لەم پێناسەیدا ئەگەر سەرنج بدەینە هەردوو وشەی وەسف و لێکچوون،(لە بنەڕەتدا لێکچوون بەشێکە لە وەسف) مەبەست و ئامانجی ڕاستەقینەی درووستکردنی وێنە دەسەلمێنێت، کاتێك شاعیر دەیەوێت تەعبیر بکات، بۆنموونە ئەگەر بیەوێت تەعبیر لە یار بکات، ئەوا یار دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی یەکەم دیوە مرۆڤینیی و واتاییەکەی یارە، کە بریتییە لە خۆشەویستی و وەفا و بێوەفایی و وەصڵ و هیجران و غەم و شادی و ....هتد.، شاعیر بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە لە شیعردا بەرباسبدات دێت لە ڕێگەی وەسف و چواندنەوە ئەوانە نیشاندەدات، پێماندەڵێت، وەصڵت جەننەتە و هیجرانت دۆزەخ، وەفات عەنقایە و غەمت تەمە. ڕەهەندی دووەمیشی ڕەهەندە بەرهەستییەکانی یارە، کە باڵا و ڕوومەت و چاو و برۆ و برژانگ و پرچ و نێو قەد و گەردن و ....هتد، لە فۆرمە باوەکەیدا هەموو ئەوانە تەشبیهکراون و هەریەکەیان وێنەگەلێکی جوانیان لێدرووستکراوە، وەك چواندنی باڵا بە عەرعەر و ڕوومەت بە خۆر و چاو بە نێرگس و برۆ بە شمشێر و برژانگ بە خەدەنگ و پرچ بە ڕەشمار و نێو قەد بە تاڵەموو و گەردن بە مینا و ...هتد.

هەر لەو پێناسەیەدا وشەی (خوازە)ش هاتووە، بێگومان چواندن قۆناغی سەرەتایی وەسفکردنە لای یار، کاتێك کە شاعیر باکگراوندی زمانی و ئەدەبی و وێنەیی فراوانتر دەبێت و پەنا دەباتە بەر خوازە و تیاشیدا بە تایبەتی خواستن، کە دواتر بە درێژی لەسەری دەدوێین.

کەواتە وێنەی شیعری بابەتێکی دیار و وردی نێو ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، چونکە((وێنەی شیعری وەك ئامرازێکی رەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت،کە رێگا بە رەخنەگر دەدات، بەناخی دەقدا تێپەڕێت، نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات، بۆیە یەکێ لە ڕاکانی دکتۆر جابر ئەحمەد عصفوور دەڵێ: وێنەی ئەدەبیی کرۆکی هەمیشەیی شیعرە ))[٥]، لەم ڕووەوە کارکردن لەسەر وێنە توانای یەکالاکردنەوەی پایەکانی وێنە سەرەکییەکەی شیعرمان پێدەدات، نەك لە ڕووی ئیستاتیکیی و شیعرییەتەوە پڕ چێژ دەبێت، بەڵکو دەستمان دەگرێت لە دەروون و دەوروبەری مێژووی و کۆمەڵایەتی شاعیر تێبگەین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە، کە وەك بڕیارە شیعرەکانی وەفایی سەربە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردین، بۆیە پێویستە بە پێی پێوەر و پێوداگ و یاساکانی نێو بیری شاعیر و ئەو کات لێکبدرێتەوە، واتا کودی کردنەوەی دارشتنی وێنەکان بە نزیك بێت لە کودی درووستکردنی وێنەکان، بۆ ئەمەش ئەو وتەی (گاستۆن باشلار) کۆمەکمان دەکات کە دەڵێت: ((ناتوانرێت دیراسەی وێنە بکرێت، ئەگەر بە خودی وێنە خۆی نەبێت))[٦]، هەر بۆیە کارکردنەکەی ئێمە لە نێوان لێکۆڵینەوە کۆنەکان و لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەسەر وێنەی شیعری بەگشتی و خواستن بە تایبەتی، ئەوەی دووەمیانمان هەڵبژاردووە، چونکە کارەکە بە ئاراستەیەکی تردا دەڕوات، ڕوونتر بڵێن ئاڕاستەی ڕاستەقینەی خۆی وەرناگرێت.

## تەوەری دووەم: چەمك و زاراوەی خواستن :

### یەکەم: پێناسەی خواستن:

هونەری خواستن گرنگترین و چڕترین هونەری شیعرە ،هونەرێکە لە ئەدەبیاتی دنیادا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە چاو هونەرەشیعری و زمانییەکانی تردا، شێوازێکە کە بیرمەندێکی وەکو ئەرستۆ بە مەزنترین شێوازی دادەنێت و بە بەڵگەی لێهاتوویی و توانادارى دەسەلمێنێت[٧]. لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر خواستن (الاستعارە) زاراوەی (metaphor) هەیە، کە لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرددا (( بریتییە لە وشەیەك یان دەربڕاوێك کە بەشێوەیەکی خەیاڵی بەکاردێت بەمەبەستی وەسفکردنی کەسێك یان شتێك ،لە پێناو پیشاندانی ئەوەی کە دووکەس یان دوو شت سیفەت و تایبەتمەندییان لەیەکەوە نزیك بێت،

بەمەبەستی بەهێزکردنی سیفەت و تایبەتمەندییەکەیە لەڕێگەی یەکێکیانەوە بۆ ئەوی تریان))[٨]، هەر دەقێك ئەم هونەرەی تێدا بەکاربرێت بەردەوامییەك و توانای مانەوە بەدەقەکە دەبەخشێت ، چونکە((بەمێتافۆربوونی دەق بەهای کراوەو چێژ و ئێستاتیکا دەخولقێنێت، هەمیشە تەماشاکانی ئێمە بۆخۆی گلدەداتەوەو هەڵدەگرێتەوە،وا لە دیدی ئێمە بەرامبەر بەخۆی دەکات کە پرۆسیسی هەڵکەندن و شۆڕبوونەوە لە هەناوی ئەو دەقانە جێبەجێبکەین))[٩]، ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا لە هەناوی هونەری چواندنەوە هاتووەتە دەرەوە، بەڵام بەجۆرێك کە خواستن پلەیەك بەرزتر وز یاتریش وردەکاری و کورتبڕی تێدا دەکرێت و پانتاییەك و مەودایەکی فراوانتر دەبەخشێتە خەیاڵی شاعیر بۆ ئامێتەکردن و لێکدانی ئەو شت و بابەتانەی توانای لێك نزیککردنەوەیان هەیەو لەڕوویەکەوە، یان لەچەند ڕوویەکەوە لەیەك دەچن یان بەوجۆرەی کە شاعیر ئەیەوێ لەیەك تری نزیکیان بکاتەوە.

ئەم هونەرە نەك لەشیعری کۆندا بەڵکو بوارێکی فراوانی بەخشیوەتە شیعری نوێ و تاڕادەیەکیش زمانی ئەو مرۆڤانەی کە هۆشیارییەك و ڕۆشنبیرییەکییان هەیە لە بوارەکانی تری ژیاندا جگە لە ئەدەب، چونکە خواستن کاریگەری و جێکەوتێك لە سەر خەیاڵ و هۆشی گوێگر یان خوێنەر درووست دەکات ئەویش بەهۆی ئەو تێکەڵکردن و گواستنەوەیەی کە لە سیفات و تایبەتمەندی شتەکاندا دەکرێت ئەگەر پەی پێببرێت دیارە وەك ئاماژەمان پێدا ئەم تێکەڵ کردن و گواستنەوەیە پێویستی بە پاشخان و هۆشیارییەکی مەعریفی هەیە و لەخۆوە نابێت،ئەم گرنگی و بایەخەی هونەری خواستن نوێ نییەو مرۆڤایەتی لەزووەوە کاری لەسەرکردووە دەتوانین بۆ ئەو کاتەی بگەڕێینەوە کە مرۆڤەکان هەوڵیان داوە کار لەسەر زمان بکەن و نهێنییەکانی دەربخەن و ویستوویانە توانای خۆیان لە زماندا دەربخەن و دواجار شیعر و ئەدەبیش لەخاکی زمانداگەورە دەبێت و دێتە بەر، بۆیە لێرەدا چەند ڕاوبۆچوونێك دەهێنینەوە کە هەریەکە لە فەیلەسوفان و ئەدیبان و ڕەخنەگران و زمانناسان لەبەر گرنگیی و بە پێزی هونەرەکە تێڕوانینیان هەبووەو جێیبایەخی زۆرینەیان بووە،لەوانەش (ئەرستۆ) جیاواز لە سۆفستاییەکان کە کۆمەڵێك وانەبێژو تاربێژ بوون لەوسەردەمەدا زیاد لە سنوور بایەخیان بەم هونەرە دەداو بەجۆرێك کە خەڵکانێکی زۆر لە قسە و وتراوەکانیان تێنەدەگەیشتن و هەروەها جیاوازیش لە(سوقرات وئەفلاتون) کە خواستن کەمتر و بەڵکو هەر جێگەی بایەخ پێدان نەبووە لایان ،بەڵکو (ئەرستۆ) کاری لەسەر کردووە بەشێوەیەك کە بەهونەرێکی بەرز تێی ڕوانیوە و سنورێکیشی بۆ داناوەو نوسیویەتی((خواستن گواستنەوەی ناوی شتێکە بۆ شتێکی تر، لە ڕەگەزەو بۆ جۆر یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز یان لەجۆرەوە بۆ جۆر یان بە پێی خواستنی نواندن))[١٠]، ئەم پێناسەیەی ئەرستۆ لەوکاتەدا زادە و هەڵقوڵاوی سەردەمەکەیەتی ئەرستۆ مەبەستی بووە و ویستویەتی سنورێك بۆ ئەو ناولێنانە زمانییەی کە لەوسەردەمەدا باوبووە بەشێوەیەکی لەخۆوە و هەڕەمەکی دابنێ.

هەروەها (جاحز)یش لەبارەی خواستنەوە نوسیویەتی (( ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر جێگای گرتەوە))[١١]، واتا دەبێت پەیوەندییەك هەبێت ئیتر لە هەر ڕوویەکەوە بێت و نابێت لەخۆوە بێت.

ئەبو یەعقوبی سەكاكیش لە كتێبی(المفتاح العلوم) بەشێوەكی ڕوون كە بەجوانی خوێنەر تێدەگەیەنێت،نوسیویەتی((خواستن ئەوەیە كە ناوی لایەكی دوو لاكەی چواندن بهێنێت و مەبەستت لاكەی تری بێت،وەها پیشان بدرێت كە چوێنراو چووبێتە ڕەگەزی پێچوێنراووەوە تایبەتییەكانی پێچوێنراو لە چوێنراودا دەربخەیت))[١٢] ئەم جۆرە ناساندنەی خواستن لای ئەبو یەعقوبی سەكاكی زیاتر لە جۆری (خواستنی ئاشكرا) وە نزیكە تا پێناسەی خواستن بەگشتی بۆ نمونە ئەمانەوێت(یار) بە (مانگ) بچوێنین، كاتێك ناوی(مانگ) ئەهێنین بە پێی پێناسەكەی ئەبو یەعقوبی سەكاكی مەبەستمان (یارە) و دواتر تایبەتییەكانی (مانگ )لە(یار)دا دەچەسپێنین.

یەكێكی تر لەو پێناسانەی كە سەبارەت بە خواستن هاتووە دەڵێت: ((خواستن هیچ نییە جگە لە چواندنێكی كورت، بەڵام لە چواندن بەهێزترە))[١٣] ئەوەی لەم پێناسەیەدا دەكرێت هەڵوەستەی لەسەر بكرێت دەستەواژەی (بەهێزترە)یە،لێرەدا دەكرێت بپرسین، ئەو جیاوازییانە چییە كە وای كردووە خواستن لەچواندن بەهێز تر بكات، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەند جیاوازییەكی دیار و ڕوون دەبینرێت لەوانە هاتنی یەكێك لە دوولاكەی چواندن ئەمەش جۆرێك لە شیعرییەت بە خواستن دەدات لەچاو چواندندا،هەروەها گەڕان و وردبوونەوەی خوێنەر یان هەبوونی جۆرێك لە ئاڵۆزی و زوو خۆبەدەستەوە نەدان لە خواستندا چونكە پێویستە خوێنەر لەخواستندا بەدوای لاكەی تردا بگەڕێت لەكاتێكدا ئەم بە دواگەڕانە لەچواندندا بەرچاو ناكەوێت و ڕاستەوخۆ هەردوولاكە هاتوون، جیاوازییەكی تر توانای تێكەڵكردن و خواستنی سیفات و تایبە تمەندی شتەكانە بۆ یەكتری كە ئەمە لە چواندندا بەرچاو ناكەوێت.

لەناو كوردیشدا خواستن هەروەك زۆرێك لەمیللەتان نوسەران و ڕەخنەگران و ئەوانەی كە لەوبوارەدا كاریان كردووە جێگای دەستیان دیارەو كارەكانیان جێكەوتێكی هەیە لای خۆیانەوە پێناسەی ئەم هونەرە بەرزەیان كردووەوبۆ خوێنەرانیان ڕوونكردووەتەوە،لەوانەش مامۆستا عەلادین سەجادی لە پێناسەی خواستندا دەنووسێت ((خواستن ئەوەیە كە وشەیەك لە شتێكا بەكارهێنراوە،كە ئەو شتە چوێنراوە بەگوزارە، ڕەسەنی وشەكە لەبەر پەیوەندی لێكچوون(مشابە).))[١٤]

هەر سەبارەت بەم هونەرە مامۆستا (عەزیز گەردی) دەنووسێت((خواستن بریتییە لە بەكارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەكی تر بێجگە لە مانای درووستی وشەكە،بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانایی دروست و مانای خوازەیی وشەكە وێكچوون بێت، ئەبێ نیشانەیەكی هەبێت كە ئێمە مەبەستمان ئەم وشە خواستراوەیە نەك دروستەكە))[١٥]لەو پێناسەو ڕاوبۆچوونانەی سەرەوەدا لەسەر خواستن دەتوانین بگەینە ئەو ڕایەی كە خواستن یەكێكە لەهونەرە هەرەبەرزەكانی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی لەهەناوی چواندنەوە هاتووەتە دەرەوە،چواندنێكە كورت و چڕكراوەتەوە، بەنەهاتنی لایەنێكی سەرەكی چواندن، لەشیعری كۆن و نوێدا بەدەگمەن شیعر دەبینین خاڵی بێت لەم هونەرە بەرزە، چونكە هونەری تێكەڵكردن و لێكدانی شتەكانە بوارێكی فراوانمان پێدەدات بۆ دروستكردنی وێنەی زۆر و لەبن نەهاتوو و هەربۆیە بە كۆڵەكەی دروستكردن و دیارترین شێوازی وێنەی شیعری و هونەری دادەنرێت.

**دووەم: بنەڕەتەكانی خواستن:**

**نووسەران و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب و بەتایبەتی ڕەوانبێژی چوار بنەڕەتی سەرەكییان بۆ هونەری خواستن داناوە، ئەوانیش:**

**یەكەم: بۆ خواستراو (المستعار له) له چواندندا بەرامبەر(لێچوو) دێت، ئەو بنەڕەتەیە كە شاعیر مەبەستێتی و فۆكەسی وێنەكان ئەم بنەڕەتەیە و سیفەت و شتی ئەوانی تری بۆ دەخوازین.**

**دووەم: لێخواستراو (المستعار منه) له چواندندا بەرامبەر(لەوچوو) دێت، ئەو بنەڕەتەیە كە سیفەت و شتەكانی لێدەخوازین بۆ بۆخواستراو، ڕێژەی جوانی و بەهێزی و ئاشكرایی لەم بنەڕەتەدا زۆرترە لە بۆ خواستراو، هەر بۆیە لەمەوە بۆ بۆخواستراوی دەخوازین.**

**سێیەم: خواستراو (المستعار) له چواندندا بەرامبەر (ڕووی لێكچوون) دێت، واتا ئەو سیفەتە یان ئەو شتە خواستراوەیە ك شاعیر ئەیەوێت بیخوازێت بۆ شتێكی تر،باس بكرێت و باس نەكرێت، ڕێڕەوی خواستنەكە ناگۆڕێت.**

**چوارەم: ((نیشانەیەكی وشەیی یان واتایی (القرینه اللفظیه او المعنویه) ئەم نیشانەیەش ڕێگرە لەوەی كە خواستنەكە مەبەستی درووستی وشە بەكارهێنراوەكە(لێخواستراو)بێت))** [١٦]

**بۆ نموونە وەفایی شاعیر لەم دێرەدا دەڵێت:**

**ماهی شەوئارام بە خەندە هات نیقابی كردەوە**

**ئاسمان نەزمی سورەییا، شەوقی مەهتابی شكا** [١٧] [١٨]

**واتا مانگی شەورازێنەرەوەم بە پێكەنین و بە لادانی پەچەوە، كە هات، ئاسمان پەشۆكاو ئەو ڕێكی و كۆبوونەوە و چلچراییەی نەما و مانگییش تریفە و شەوقی لەبارچوو.**

**ئەوەی لێرەدا ئێمە و لێكۆڵینەوەكە مەبەستمانە بەرباسی بدەین، یەكەم وشەی دێڕە شیعرەكەیە كە (ماه)، ئەم وشەیە لە جێگای خۆی نەهاتووە بەڵكو خواستراوە بۆ یارە، بۆ ئەمەش وشەكانی (خەندە) و (نیقاب) كۆمەكمان دەكات، كە شاعیر مەبەستی یارە نەك مانگی ئاسمان، دەبینین ئەوەی كە شیعرییەتەكەی بەخشیوە بەو دێڕە و ئەوەی وێنە سەرەكییەكەی درووستكردووە و وێنەكانی تر بە دەوریدا دەسوڕێنەوە ماهە، كورت و چڕیش بووەتەوە ئەویش ئەوەیە كە شاعیر دەیەوێت بڵێت ڕووی یارەكەم وەك مانگ بەشەوق و سپییە، كەچی لە ڕێگەی خواستنەوە ئەوانەی بەشاراوەیی وتووە، بۆ ڕوونتر كردنەوەی وێنەكە لە بنەڕەتتدا بەم شێوەیەیە:**

**یار----- بۆخواستراوە (لە دێڕەكەدا نەهاتووە)**

**ماه ----- لێخواستراوە (لە دێڕەكەدا هاتووە)**

**سپێتی و شەوقداری و ئارابەخش------ خواستراوە (لە مانگەوە بۆ یار).**

**خەندە و نیقاب------- نیشانەی وشەیی (كە پێمان دەڵێت مانگ لە شوێنی درووستی خۆی بەكار نەهاتووە).**

**تەوەری سێیەم: خواستن و جۆرەکانی، وەك درووستکەری وێنەی شیعری لە شیعری وەفاییدا:**

زۆربەی لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، کۆکن لەسەر پۆلێنبەندییەك بۆ خواستن، ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو پۆلێنە کار لەسەر شیعرەکانی وەفایی دەکەین و بنیاتی وێنە شیعرییەکە بە پاڵپشتی خواستن بەرباسدەدەین:

یەکەم:بە پێی دوولایەنەکە (بۆخواستراو،لێخواستراو)

دووەم:لە ڕووی گونجانی خواستراوەکە لەگەڵ دوولایەنەکە

یەکەم: بە پێی دوولایەنەکە (بۆخواستراو،لێخواستراو):ئەمەشیان دابەشکراوە بەسەر دوو جۆردا:

١- بە پێی هاتن و نەهاتنی دوو لایەنەکە

٢- بە پێی هەستی و ژیری دوولایەنەکە

١- بە پێی هاتن و نەهاتنی دوو لایەنەکە:

دیارترین و بەربڵاوترین دوو جۆری خواستنن، ئەم دوو جۆرەیە، هەموو جۆرەکانی تری خواستن بەدەوری ئەم دوانەیاندا دەسوڕێنەوە، هەرچی پرۆسەی خواستن و لێخوازین هەیە، بە هەناوی ئەم دوو جۆرەدا تێدەپەڕێت، ئەوانیش:

ا-خواستنی ئاشکرا(الاستعاره التصريحيه)

ب-خواستنی درکاو(الاستعاره المكنيه)

ا-خواستنی ئاشکرا (الاستعاره التصريحيه):

یەکەم جۆری خواستنە،((ئەو خواستنەیە کە تیایدا لەوچوو دەربکەوێت و لێچوو دەرنەکەوێت))[١٩]، بەزارەوەکانی خواستن بەواتا لێخواستراو دەربکەوێت و بۆخواستراو دەرنەکەوێت، بۆیە پێی دەوترێت ئاشکرا چونکە وشەکە بە ئاشکرا دەخوازین، ئەم جۆرەی خواستن هونەرێکی بەرزی لە جێدانانی تێدایە، بەمانایەکی تر دەستکاری کردن و کارکردنە لە زماندا، واتا زمان لە ئاستی ئاسۆییەوە دەگوازێتەوە بۆ ستوونی، شیعرییەت و فۆکەسی وێنەکە بەدەوری ئەو دەستکاری کردنەدا دەسوڕێتەوە، ئەوەش ئاشکرایە کە ((لەڕووی زانستی ڕستە سازییەوە شیعرییەت پەیوەندی نێوان ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوەیە، بەشێوەیەك ئەگەر ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە وەك ڕۆنانی سەرەوەی ڕستە بوو ئەوا شیعرییەتی تیادا نییەو ئەگەر جیاواز بوو شیعرییەتی تیادایە))[٢٠]، بۆنموونە وەفایی کە لەم دێڕەدا دەڵێت:

حەیرەتزەدەیی نێرگس و ئەبرۆتە وەفایی

کافر نییە وا مەست و لە میحرابی دوعادا ٥ل

وەفايي لەم دێڕەدا دەڵێت: واقوڕماوی و سەرسامیی و ئاشوفتەحاڵیم هیی نێرگس و ئەبرۆتە ئەی یار، تۆمەتی کافربوونم مەدە پاڵ کە مەستیم هیی نێرگسە و دەستەودوعاییم هی تاقی میحرابی ئەبرۆتە، لەم دێڕەدا وشەیەك لەجێ و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دانەنراوە، لەکۆی وشەکانی بەیتە شیعرییەکە غەریبتر و لانەوازتر دێتە بەرچاو، ئەمە بە پێودانگی بواری لێکسیکی فەرهەنگی بیری ئاخێوەرانی زمانی کوردی، ئەگینا بە پێوەری شیعرییەت و درووستکەری وێنە چەق و نێوەندی بەیتەکەیە ، ئەو وشەیەش وشەی (نێرگس)ە، وەفایي شاعیر لە بنەڕەتدا وێنەیەکی لە زیهندایە کە چاوی یارەکەیەتی وەکو نێرگسە،مەستە و سپی هەڵگەڕاوە، دێت ئەمە وێنەیە کورتتر دەکاتەوە و تەنها دیویکی خواستنەکە کە لێخواستراوە دایدەنێت و ئەوەی کە پێیچواندووە (نێرگس)بە ئاشکرا دەیهێنێت، بۆیە پێیدەڵێن ئاشکرا، ئەوەش هەیە کە لەم هونەر و وێنەکارییەدا شاعیر بۆئەوەی خوێنەر یان گوێگر بە هەڵەدا نەچێت نیشانەیەك یان قەرەینەیەك دەهێنێتەوە بۆئەوەی بۆخواستراو(چاو) ون نەبێت و نەبێتە مەتەڵ، بۆ نموونە لەدێڕەکەدا نیشانەیەکانی (حەیرەتزەدەیی، ئەبرۆ، مەست) کە یەکەمیان حەیرەتزەدەیی و سەرسامی و ئاشوفتەحاڵی وەفایي ڕوونە کە بۆ نێرگسی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بۆ چاوە، دوانەکەی تریش نزیکن لە چاوەوە یەکێکیان وەکو نزیکی و لە یەك کێڵگەی واتاییدان و ئەوی تریان سیفەتی چاوە، بۆیە لەم دێڕەدا هەموو بنەکاکانی خواستن بەتایبەتی خواستنی ئاشکرا دەبینرێت، بەم شێوەیە:

چاو---------بۆخواستراو (نەهاتووە)

نێرگس-------لێخواستراو(هاتووە)

سپێتی و مەستی---------خواستراو

حیرەتزەدەیی و ئەبرۆ و مەست------ نیشانەی خواستن

لە دێڕێکی تردا وەفایي دەڵێت:

چاوی خوێنین غەرقی پەروین بوو، لە بێ میهری گوڵم

مات و حەیرانم لەسەر چی ماهی تابانم نەهات    ل ٢٣

لەم دێڕەدا وەفایي شاعیر دەڵێت: چاوی خوێنینم کە دوا پلەی گریان و مەحوی وتەنی لە چاوا نمی گرییە نەماوە، نوقمی فرمێسکی پەروینئاسا بووە و کەچی سەرم سوڕماوە هێشتا یاری گوڵئاسا و مانگئاسام دیارنییە.ئەم دێڕە نەك هەر وێنەیەکە، بەڵکو بووەتە شەبەنگێك لە وێنەی شیعریی و گەمەی زمانی، سێ وێنەی شیعری لە ڕێگەی هونەری خواستندا کە هونەری خواستنی ئاشکرایە، خولقاندووە، وێنەی یەکەم لەبری فرمێسك پەروینی هێناوەتەوە، شەش حەوت ئەستێرەن لە شێوەی هێشوو و هەندێجاریش بیچمی ملوانکەیەك وەردەگرن، هەر فرمێسکێکی چوواندووە بە ئەستێرەیەك، لە وێنەی دووەمیشدا وەك هەمیشە لەبری یار گوڵی داناوە،

لە سێیەمیاندا وێنەکەی بەهێزتر کردووە و لە بری یار ماهی تابانی داناوە, لە هەرسێ وێنەکەدا( فرمێسك و دووجار یار) کە بۆخواستراون نەهاتوون، ( پەروین و گوڵ و ماهی تابان ) کە لێخواستراون، هاتوون، بۆ هەریەکەشیان نیشانە و قەرینەی تایبەتی سازاندووە، بۆ پەروین چاوی هێناوەتەوە و بۆ گوڵ میهر( سۆز)ی هێناوەتەوە بۆ ماهی تابانیش مات و حەیرانی شاعیر و نەهاتنی ماهەکەی هێناوەتەوە، لە هەر سێ وێنەکەدا درك بەوە دەکەین کە هیچییان لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیاندا دانەنراون، بەڵکو خواستراون.

ئەوەی جێی تێڕامان و ئێستێتیکایە و وەفایی بە هەودای خەیاڵی دانەی ئەو سێ وێنەیەی بە یەکەوە هۆنیوەتەوە و هەرسێ وێنەکە وێنەیەکی گەورەی لێدرووستکردووە کە بەدەوری خۆر و مانگ و ئەستێرەدا دەسوڕێتەوە ئەوانیش( پەروین: ئەستێرە، ماه: مانگ، میهر: خۆر)، لەمەی دواییدا ئاوەزمەندی وەفایی بەدیاردەکەوێت، کە میهر بە دوو واتا لێکدەدرێتەوە یەکەمیان بەواتای سۆز و دووەمیان بەمانای خۆر، ئیتر لێرەوە نالی ئاسا، وەفایش بڵێ شیهری منیش دوو ڕووە، یەك خەفی، یەك ئاشکار.

ب-خواستنی درکاو( الاستعاره المکنیه ):

لە پێناسەی خواستنی ئاشکرادا ئەوەمان خستەڕوو کە ئەو خواستنەیە کە تیایدا لەوچوو دەربکەوێت و لێچوو دەرنەکەوێت، ئەگەر ئەو پێناسەیە پێچەوانە بکەینەوە ئەوا خواستنی شاراوەمان دەسگیر دەبێت واتا ئەو خواستنەیە کە تیایدا لێچوو دەربکەوێت و لەوچوو دەرنەکەوێت، یان ئەگەر بمانەوێت بەکورتی جیاوازییەکی ئەو دوو جۆرەی خواستن بکەین ئەوا دەڵێین،خواستنی ئاشکرا گواستنەوەی سیفەتێکە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر لە ڕێگەی واتاوە،بەزۆری ئەم جۆرە خواستنانە لە تاکە وشەیەکدا دەکەونەوە بۆنمونە( مانگ، نێرگس،سەروو، گوڵ، ئاهوو، ...هتد )، بەلاَم خواستنی درکاو گواستنەوەی سیفەتێکە لەشتێکەوە بۆ شتێکی تر لە ڕێگەی وشەوە، واتا لە خواستنی ئاشکرادا گواستنەوەی واتاکە مەوداکەی فراوانترە و دەشێت چەند سیفەتێك هەڵبگرێت، بەلاَم لە خواستنی درکاودا گواستنەوەی تاکە وشەیەکە بەزۆری کەوتنەوەی هونەری خواستن لە شێوەی دوو وشەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆنمونە( دڵتەنگی خونچە، پرچی شیعر، دەستی غەم، بەختی خەواڵوو ...هتد )، جێی وتنیشە ئەوەی کە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا بە هونەری بەکەسکردن و بەرجەستەکردن ناودەبرێت، زادەی هونەری خواستنی درکاوە و ئەمیش بووەتە زادگای هونەرەکانی دواتر کە توانای بونیاتنان و سازاندنی وێنەی شیعرییان هەیە، وەکو وەفایی لەم دێڕەدا دەڵێت:

شەڕیانە لەسەر موڵکی دڵم غەمزە و نازی
بۆیەکی بە جووت دێن وەکو نەشتەر لە جگەردا ل٢٥

ئەگەر دیققەت و تەفرنجەی ئەم دێرە بدەین، دەبینین وەفایی سیفاتی شەڕکردن و هێرشکردن دەداتە پاڵ غەمزە و ناز، غەمزە و ناز کە لە بنچینەدا بۆ شاعیر لەبەرەیەکدان و هاوپەیمانن، کەچی ئێستا لە دووبەرەی دژبەیەکن و لەسەر موڵك و ماڵی دڵە هەژارەکەی وەفایی شەڕیانە، دڵ و جگەری وەفایی بووەنە تە مەیدان و شەڕگەی غەمزە و ناز، دواترش بە دوو نەشتەر دەیانچوێنێت.

ئەم بەرجەستەکرن و بەکەسکردنەی غەمزە و ناز، لەو ڕێگەیەوە دەبێت کە شاعیر شەڕکردن و پەلاماردان و هاتنی لە مرۆڤەوە یان لە هەر هەبوویەك یان گیاندارێك کە توانای شەڕکردن و ڕۆیشتنی هەبێت خواستووە بۆ غەمزە و ناز، مرۆڤ لێخواستراوە و غەمزە و ناز بۆخواستراون، دەبینین لە بەیتەکەدا غەمزە و ناز هاتوون، بەمپێیە دەبێتە خواستنی درکاو:

غەمزە و ناز----- بۆ خواستراون( هاتوون )

مرۆڤ-------- لێخواستراوە( نەهاتووە )

شەڕکردن و هێرشکردن------ خواستراوە

یان لە دێڕێکی تردا کە کۆی وێنەگشتییەکەی دێرە شیعرەکە خواستنی درکاو و سرووشتی بە کەسکردووە، وەفایی وەك هەمیشە یاریکردنێکی ناوازە و خۆیئاسای بەوشە و وێنە و واتا کردووە، هێند دڵکەش و دڵسەنج و دلاویزە، هەستدەکەی تابلۆیەکی بۆ نەخشاندوویت و لێیڕادەمێنیت، وەك وتمان بۆ شیتەڵکردن و یەکالاکردنەوەی وێنەیەك دەبێت نزیك ببینەوە لەو وشە و ڕەنگانەی کە وێنەکەی پێکێشراوە و وەفایی دەڵێت:

باغ دەڵێی مەیخانەیە، پیری موغان ( گل میفروش )

لالە سەرخۆش، ئەرغەوان پەیمانەکەش، نێرگس خومار ل ٤١

دەبینین هونەری خواستنی درکاو لە هەر چوار وێنەی(گل میفروش-گوڵی مەیفرۆش ) و سەرخۆشیی لالە و پەیمانکێشیی ئەرغەوان و خوماریی نێرگس، ئاشکرایە شیعرییەتی بەیتەکە لەماندا خۆی بەیاندەکات، کە هەموویان بەکەسکراون، ئەوە چاوی شاعیرە درك بە وەها وێنەیەك دەکات و و ئەوە پانتایی شیعرە ڕێگە بەوەها زمان و وەها وێنەگەلێکی لەبەردلان دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەند تەشبیە و یاریکردنێکی واتایی جوانی تێدایە و دەتواندرێت بە سێ شێوە لێکبدرێتەوە، بۆنموونە (گل میفروش)، دەشێت پەیوەست بە پیری موغانەوە بە فارسی بە گوڵ دەفرۆشێت لێکدەدرێتەوە، پەیوەستیش بە سەرخۆشی و خومار و گوڵەوە بە (گوڵی مەی فرۆش) لێکدەدرێتەوە، خۆ ئەگەریش بە (کل دەفرۆشێت لێکبدرێتەوە) هاوکات پەوەستە بە نێرگس و نێرگسیش لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەلاتدا لە بری چاو دانراوە، هونەری خواستنی درکاوە ئەوەی کە هاتووە لە شیعرەکەدا ئەوانەن کە بۆیان خواستراوە و ئەوەی کە لێیخواستراوە مرۆڤە و نەهاتووە، بەم شێوەیە:

گوڵ و لاله و ئەرغەوان و نێرگس------- بۆخواستراون( هاتوون )
مرۆڤ----لێخواستراو( نەهاتووە )
مەیفرۆشی و سەرخۆشی و پەیمانکەشی و خوماری------خواستراون

٢-بە پێی هەستی و ژیری دوو لایەنەکە( بۆخواستراو، لێخواستراو )

ا- دوو لایەنەکە هەستی بن( استعارە محسوس لمحسوس ):
ئەو خواستنەیە کە هەردوو لاکە هەستی بن و بە هەستەکان درکیان پێبکەین(( ئاساییە ئەگەر خواستراوەکە هەستی بێت یان ژیری ))[٢١]، بەلاّم بە زۆری هەستی دەبێت، وەك لەم دێڕەدا وەفایی شاعیر دەڵێ:
مەششاتە کە شانەی لە سەری زوڵفی صەنەمدا
ئاشفتەگی حاڵی وەفایی لە قەڵەم دا ل٩

هونەری خواستن لە وشەی صەنەمدا کەوتووەتەوە و دەڵێت: ئەو دەمەی کە شانەبەقژداهێنی ئارایشتگا شانەی بە زوڵفی یاری وەك صەنەممدا هێنا، ڕێك وێنەی پەرێشانی و حاڵی تێکچووی منی پیشاندا، حاڵی من چوون زوڵفی یار شێواو و ئاشوفتەیە، دەبینین وەفایی صەنەم کە لێخواستراوە و هەستییە خواستراوە بۆ یار کە بۆ خواستراوە و هەستییە، بۆ بەم جۆرەی خواستن دەوترێت خواستنی هەستی بە هەستی، زوڵف وای کردووە درك بەوە بکەین صەنەم لەجێی خۆیدا نەهاتووە و بووەتە نیشانەی خواستنەکە:
یار-------بۆخواستراو( هەستییە )
صەنەم---------لێخواستراو( هەستییە )
پەرستن و بێدەنگی---------خواستراو لە صەنەمەوە بۆ یار
زوڵف و ئاشفتەبوونی شاعیر-------نیشانەی خواستن
ئەوەی گرنگە لێرەجا وشەی صەنەمە، لە ڕاستیدا کۆمەڵێك مەدلوول لە وشەی صەنەمدا هەیە، لەوانە جۆرێك لە پەرستن کە صەنەم پێینازانێ، یان ئەو بێدەنگی و ماتبوونەی کە لە نێوان یار و صەنەمدا هاوبەشە.

ب- ژیری بۆ هەستی( استعارە المعقول للمحسوس ): ئەمەش وا دەبێت کە بابەتێکی ژیری بهێنرێتەوە و بخوازرێت بۆ بابەتێکی هەستی:
بۆیە سووتاوم ئەمن، عاشقی بەدناوم ئەمن
دڵەکەم غەمزەدەیی غەمزە و نازی پەرییە ل ١٦٢

لەم دێڕەدا ڕاستەوخۆ چاومان دەچێتە سەر وشەی ( پەری ) و بووەتە نێوەند و شاوشەی دێڕە شیعرەکە و تیایدا شاعیر دەڵێت، سووتانم و بەدناوی و کەوتنەسەر زوبانی ئەوی تر، هیی ئەوەیە دڵکەم خودان غەمی غەمزە و نازی پەری ڕووخسارێکە، شاعیر بۆ ئەوەی یارەکەی بەرز ڕابگرێت، تەشبیهی دەکات بە شتێکی لە هەستبەدەر ، بابەتێك کە ژیرییە و لە لە فەرهەنگی بیردا هەیە، لێ لەوەی کە ببیینین یان بەری بکەوین مەحاڵە، بۆیە لەم دێڕەدا پەری کە لێخواستراوە و ژیرییە و یاریش وەك هەمیشە بۆخواستراوە هەستییە.

وەفایی شاعیر تەنها هەستی بۆ هەستی و ژیری بۆ هەستی بەکارهێناوە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە وەفایی تەنها سیفاتی لە بابەتە هەستی و ژیرییەکانەوە بۆ یار خواستووە، نەك لە یارەوە بۆ بابەتی ژیریی و لە ژیریشەوە بۆ ژیری، ئەمەش بەو پێیەی کە لەتوانای توێژەراندا بووە.

دووەم: لەڕووی گونجاندنی خواستراوەکە لەگەڵ دوولایەنەکە:

١-خواستنی ڕەها( الاستعاره المگلقه )

٢- خواستنی پەتی( الاستعاره المجرده )

١- خواستنی ڕەها( الاستعاره المگلقه ):

(( ئەو خواستنەیە کە ئەبێ بە تەنیا بهێنرێ و هیچ شتێکی وای لەگەلا نەبێ لەگەڵ ( لێخواستراو یا بۆ خواستراو) بگونجێت یان پەیوەندی داربێت))[٢٢]، لە پێناسەیەکی تری خواستنی ڕەها دا هاتووە کە(( خواستنەکە بەتایبە تمەندی یان هەندێ سیما بەسترابێتەوە بۆ هەریەکە لە چوێنراو و پێچوێنراویش گونجاوبێت))[٢٣] کەواتە خواستنی ڕەها ئەو جۆرە خواستنەیە کە یان ئەبێت بەتەنها بهێنرێت یان بەسترابێتەوە بە بۆخواستراو و لێخواستراوەوە، وەك لەم دێڕەدا وەفایی شاعیر ، زۆر بەدیقەتەوە بۆ هەردوو لای خواستنەکە وشەی هێناوەتەوە و دەڵێت:

بە نەسیم دەپشکووت باخچۆڵەی سێوان

یا بە ئاهی من دوگمە دەترازان ل٨٨

لەم دێڕەدا وێنەی خواستن لە باخچۆڵەی سێواندا کەوتووەتەوە،لەبنەڕەتدا شاعیر سنگی چوواندووە بە باخچۆڵەی سێوان، سنگ بۆخواستراوە و باخچۆڵەی سێوان لێخواستراوە، ئەوەی وێنەکەی سەنتەر کردووە، وشەکانی ( نەسیم و پشکوتن )ە کە سەربە بواری لێکسیکی باخ و سێون، هەروەها لەبەرامبەریشدا وشەکانی (دووگمە و ترازان)ی بەکاربردووە کە سەربە بواری لێکسیکی سنگن، هەر بۆیە وێنەکە جەولان و مۆلەقییەکی ئیستاتیکی ناوازەی تێدا دەبینرێت کە هەر جارە و بەرەو لایەك کێش دەکرێت، بۆیە بەم جۆرە وێنەیە دەوترێت، وێنەی خواستنی ڕەها، کە توانا و سەرنج وردی وەفایی شاعیر پیشاندەدات.ئەگەر سەرنج بدەین نالی شاعیر دێڕە شیعرێکی هەیە کە وەفایی ئەم شیعرەی پێ دەقئاوێزان کردووە و دەڵێت:

له دوگمەی سینه دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانیدا سفیدەی باغی سێوان [٢٤]

ئەوەی جێی سەرنجه وەفایی لەبری (باغی سێوان)،(باخچۆڵەی سێوان)ی بەکارهێناوە، که بەهاوکاری ئەو دێڕەی نالی پلەیەك ئیستاتیکاکەی بەرزتر کردووەتەوە و دووجار باغی سێوانی بچووك کردووەتەوە، جارێك پاشگری (چە)ی پێداوە و جارێکی تر پاشگری (ۆڵە).

٢- خواستنی پەتی(الاستعاره المجرده):

((ئەوە یە که له ڕستەکەدا شتێکی وای لەگەڵدا بوترێ که پەیوەندی بە(بۆ خواستراووەوە هەبێ و لەگەڵیا بگونجێ.)) [٢٥]، ئەو وتراوە که دێت نیشانەیە و وا دەکات مەبەستی ڕاستەقینەی بۆ خواستراوە تا لێخواستراو، وەك لەم نموونەیەدا شاعیر دەڵێت:

کەی بەستەی زەڕێکه دوو سەد بەرقی لوئالی
ئەو خەندە مەگەر موعجیزە وا دێ بە دەهەندا ل١١

وەفایی شاعیر له ڕێگەی خواستنی پەتییەوە، وێنەیەکی چڕ و پێکداچوو و ئاڵۆزی درووستکردووە، که مەگەر هەر وێنەی خواستن سڕی کردنەوە و لێتێگەیشتنی ئاسان بکات و دەق خۆشیدەر بێت، له دێڕە شیعرەکەدا زەڕە که بەمانای زۆر زۆر وردو بچووك دێت، خواستوویەتی بۆ دەم، زەڕە که لێخواستراوە هیچ شتێکی دیاری نەهێناوەتەوە و دەبینین دەم که بۆخواستراوە، جگەلە وێنەیکی هونەری خواستنی بەرز که (دووسەد بەرقی لوئالی)یە و خواستراوە بۆ دانی لوئلوئی، وشەکانی (خەندە و دەهەن)یشی هێناوەتەوە و سەربە بۆخواستراون، بەم شێوەیە:

دەم------بۆخواستراو
زەڕە------لێخواستراو
بچووکی و وردی و هەبوونی ئەم هەموو لوئلوئە----نیشانەیە که مەبەستی دەمە
خەندە و دەهەن-------نیشانەیە و سەربە بۆخواستراون.

## ئه نجام:

١- هونەری خواستن، هونەرێکە لە هەناوی هونەری چواندنەوە هاتووە، هونەری لەجێدانان و بەراورد و تێکەڵکردنی سیفات و تایبەتمەندی شتەکانە، تۆکمەترین و دامەزراوترین و شیعرییترین شێوازی وێنەی شیعرییە و پێدەر و پاڵنەری دروستکردنی وێنەی لەبننەهاتووە و تاکە هونەرێکە، کە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا بە هەمان شێواز، بەڵام بەناوی جیاوازە، بەشداری کارای هەبووە لە دروستکردنی وێنەی دەگمەن و ناوازەی شیعری و هێشتاش خۆی دانەخستووە بە رووی شاعیر و دەق دا.

٢- وەفایی دیارترین و گشتیترین دوو جۆری خواستنی بەکاربردووە، ئەوانیش خواستنی ئاشکرا و خواستنی درکاون، هەریەك لە خواستنی ئاشکرا و خواستنی درکاو، پێدەری شیعرییەتێکی بەرزن بە دەقی ئەدەبی، لە خواستنی ئاشکرادا هونەری بەراورد و لەجێدانان و بەباڵابڕین هەیە، لە خواستنی درکاویشدا ئاڵوگۆڕی سیفات و تایبەتمەندی شتەکان دەبینرێت لە سرووشت و دەورووبەرەوە بۆ یار، بە پێچەوانەشەوە.

٣- بە پێی هەستی و ژیری دوولایەنەکە، وەفایی شاعیر تەنها هەستی بۆ هەستی و ژیری بۆ هەستی بەکارهێناوە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە وەفایی تەنها سیفاتی لە بابەتە هەستی و ژیرییەکانەوە بۆ یار خواستووە، نەك لە یارەوە بۆ بابەتی ژیریی و لە ژیریشەوە بۆ ژیری، ئەمەش مانای ئەوەیە لە شیعریی وەفاییدا یار سەنتەرە نەك بابەتی تر.

٤- بوونی جۆرەکانی خواستنی پەتی و خواستنی رەها لە شیعری وەفاییدا، سەلمێنەری ئەوەن، کە وەفایی لەم هونەرەدا قاڵ بووەتەوە و تیایدا شارەزا بووە، چونکە بەکارهێنانی ئەم دوو هونەرە پێویستی بە ئاگاداری و دیققەتدان و وردی و هۆشیاری هەیە، بەکاربردنیان لەخۆوە نابێت، بەڵکو ئەوەندەی تیا بهێڵرێتەوە، کە خوێنەر و گوێگر پەیوەندیی نێوان لێخواستراو بۆخواستراو بدۆزنەوە، یان گەمەیەکی زمانی وەها بکرێت، کە خوێنەر و گوێگر هەرجارە و بەرەو لایەکی خواستنەکە کەمەندکێش بکرێن.

٥- بەکاربردنی هونەری خواستن و جۆرەکانی لە شیعری وەفاییدا، بووەتە پێدەری شیعرییەت و دەرکەوتنی توانا و کارکردنی وەفایی لە شیعر و زماندا، بەو پێیەی زۆربەی زانایان و توێژەرانی رەوانبێژی لەسەر ئەوە کۆکن، کە هونەری خواستن پلەیەك لە هونەری چواندن بەرزترە و توانا و بیروردی شاعیری دەوێت.

## سەرچاوەکان:

**کتێبی کوردی:**

١-بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر(لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵەح و گۆران)، ئاسۆ عومەر مستەفا، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆك،٢٠٠٩.

٢-بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سلیوە عیسی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٩.

٣-دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەولێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم) ، انتشارات کردستان، چاپی دووەم، سنندج، ١٣٧٩.

٤-دیوانی وەفایی (میرزا عەبدالرحیمی سابلاخی)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، انتشارات کرستان، سنندج، ١٣٨٠.

٥-خوێندنەوەی مێتافۆر، ستاری پیرداود، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٦-خۆشخوانی(گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری) ، عەلادین سوجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا ،١٩٧٨ز.

٧-ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، المکتبە الوگنیە،بەرگی یەکەم،بەغداد ،١٩٧٢ز.

٨-لایەنەڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا(بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، د.ئیدریس عەبدوڵا مستەفا ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠١١.

٩-وێنەی شیعریی لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، عەبدولقادر محەمەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەرەدەم، سلێمانی ، ٢٠٠٢.

**نامەی ئەکادیمی بە زمانی عەرەبی:**

١٠-الصورة الادبية وخصائصها اللغوية بين البلاغيين، والاسلوبيين، رسالة الدكتوراه ، خالد بوزياني، جامعة الجزائر، ٢٠٠٧م.

**کتێبی عەرەبی:**

١١-البلاغة والتطبق، د.احمد المطلوب-د.كامل حسن البصير، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، الطبعة الاولى،١٩٨٢م.

١٢-البيان والتبيين، ابى عثمان عمرو بن بحر(الجاحظ)، دارالكتب العلمية،الطبعة الاولى،بيروت،١٩٩٨م.

١٣-جواهر البلاغة(فى المعانى و البيان والبديع)، سيد احمد هاشمى، دارالكتب العلمية، الطبعة الرابعة، بيروت ،٢٠٠٢م.

١٤-رؤى فى البلاغة العربية، دراسة تطبيقية لمباحث علم البيان، ا.د.زين كامل الخويسكى، د.احمد محمود المصرى، دارالوفا،الطبعة الاولى، الاسكندرية ،٢٠٠٦م.

١٥-الصورة الشعرية في الخطاب البلاغى والنقدى، الولى محمد، مركز ثقافي العربى، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠م.

١٦-فن الشعر، ارسطو،ترجمة:عبدالرحمن بدوى، بدون سنة الطبع.

١٧-في المصطلح النقدي , احمد مطلوب , منشورات المجمع العلمي، بغداد,٢٠٠٢ .

١٨-كتاب مفتاح العلوم،ابى يعقوب يوسف بن ابى بكر محمد بن على السكاكى، دار الكتب العلمية،طبعة الاولي،بيروت،٢٠٠٠م.

١٩-المعجم المفصل في الادب، اعداد: الدكتور محمد التونجي، الجزء الاول ، دار الكتب العلمية، الطبعة الثانى ، بيروت، ١٩٩٩م.

**كتێبی ئینگلیزی:**

20 -Oxford advance learning dictionary, A.S Hornby .oxford university press, sixth edition,UK.2004,page803.

## پەراوێــــــــزەکان:


١- وەفایی، یەکێکە لە شاعیرە دیار و بەناوبانگەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و شاعیرانی ناوچەی موکریان، ناوی تەواوی (میرزا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا غەفووری سابلاخی) یە، لە ساڵی ١٨٤٤ لە شاری مهاباد لە دایکبووە، یەکەم شاعیر بووە کە شێوازی شیعری قوتابخانەی بابانی گواستووەتەوە بۆ ناوچەی موکریان، شیعرەکانی بە هەموو پێوەرە ئەدەبی و ڕەوانبێژی و ئیستاتیکییەکان، خودان ئاستێکی بەرز و پڕ شیعرییەتە، لە ئاستی وێنەشدا کە کاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە،شیعرەکانی تژین لە وێنەی ناوازە و دەگمەن و دلاوێز و دڵسەنج و لەبەردڵان، لە ساڵی ١٩٠٢ دوور لە نیشتمان بەخاك دەسپێردرێ.(سوود لە-مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠-وەرگیراوە).

٢- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سلیوە عیسی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٩، ل ١٩.

٣- المعجم المفصل فی الادب، اعداد: الدکتور محمد التونجی، جزو الاول ، دار الکتب العلمیه، الگبعه الپانی ، بیروت، ١٩٩٩، ص ٥٩١.

٤- بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر(لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵەح و گۆران)، ئاسۆ عومەر مستەفا، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆك،٢٠٠٩،ل ١٤١.

٥- وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، عەبدولقادر محەمەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەرەدەم، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ١٢.

٦- الصوره الادبیه وخصائصها اللغویه بین البلاغیین، والاسلوبیین، رساله الدکتوراه ، خالد بوزیانی، جامعه الجزائر، ٢٠٠٧، ص ٢١.

٧- الصوره الشعریه فی الخگاب البلاغی والنقدی، الولی محمد، مرکز پقافی العربی، الگبعه الاولی، بیروت، ١٩٩٠، ص ٧.

٨- Oxford advance learning dictionary, A.S Hornby .oxford university press, sixth edition,UK.2004,page803 .

٩- خوێندنەوەی مێتافۆر، ستاری پیرداود، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٠.

١٠- فن الشعر، ارسگو،ترجمه:عبدالرحمن بدوی، بدون سنه الگبع، ص١١٦.

١١- البيان والتبيين، ابى عيمان عمرو بن بحر( الجاحڤ ) ، دارالكتب العلميه،الگبعه الاولى،بيروت،١٩٩٨م،ص ١٥٣.

١٢- كتاب مفتاح العلوم،ابى يعقوب يوسف بن ابى بكر محمد بن على السكاكى، دار الكتب العلميه،گبعه الاولى،بيروت،٢٠٠٠م، ص ١٥٦.

١٣- جواهر البلاغه( فى المعانى و البيان والبديع )، سيد احمد هاشمى،دارالكتب العلميه، الگبعه الرابعه، بيروت ،٢٠٠٢،ص ٢٦٤.

١٤- خۆشخوانى( گوزارەكارى، ڕەوانكارى، جوانكارى ) ،عەلادین سوجادى ،چاپخانەى مەعاريف، بەغدا ،١٩٧٨ز،ل٦٤.

١٥- ڕەوانبێژى لە ئەدەبى كورديدا،عەزيز گەردى ،المكتبه الوگنيه،بەرگى يەكەم،بەغداد ،١٩٧٢ز.ل ٦٩ .

١٦- البلاغه والتگبق، د.احمد المگلوب-د.كامل حسن البصير، وزاره التعليم العالى وا بحپ العلمى، الگبعه الاولى،١٩٨٢.ص ٣٤٦.

١٧- ديوانى وەفايى (ميرزا عەبدالرحيمى سابلاخى )، لێكۆڵینەوەى محەمەد عەلى قەرەداغى، انتشارات كرستان، سنندج، ١٣٨٠، ل ٣٧.

١٨- لێرەوە بە دواوە، بە پێویستمان نەزانى هەموو جارێك ناوى ديوان و لێكۆڵەر و چاپخانە و شوێن و ساڵ بنووسين، بەڵكو تەنها ژمارەى لاپەڕەكە ئاماژە پێدەدەين، چونكە هەمان سەرچاوەيە و تەنها ژمارەى ئەو لاپەڕەيە دەنووسين كە دێڕەكەى لێوەرگيراوە.

١٩- البلاغه والتگبق، د.احمد المگلوب- د.كامل حسن البصير، وزاره التعليم العالى وا بحپ العلمى، الگبعه الاولى،١٩٨٢م ، ص ٣٥٠.

٢٠- فى المصگلح النقدى , احمد مگلوب , منشورات المجمع العلمى، بغداد,٢٠٠٢ , ص٤٦.

٢١- رؤى فى البلاغه العربيه، دراسه تگبيقيه لمباحپ علم البيان، ا.د.زين كامل الخويسكى، د.احمد محمود المصرى، دارالوفا،الگبعه الاولى، الاسكندريه ،٢٠٠٦. ص ١٢٤.

٢٢- ڕەوانبێژى لە ئەدەبى كورديدا ، عەزيز گەردى،المكتبه الوگنيه ، بەرگى يەكەم، بەغداد، ١٩٧٢ز ،ل ٨٢.

٢٣- لايەنەڕەوانبێژييەكان لە شيعرى كلاسيكى كورديدا( بە نموونەى حەمدى و حاجى قادرى كۆيى )، د.ئيدريس عەبدوڵا مستەفا ، چاپخانەى حاجى هاشم، هەولێر ، ٢٠١١، ل ١٩٨.

٢٤- ديوانى نالى، لێكۆڵينەوەوليكدانەوەى ( مەلا عبدالكريمى مدرس و فاتح عبدالكريم ) ، انتشارات كردستان، چاپى دووەم، سنندج، ١٣٧٩، ل ٣٢٠.

٢٥- ڕەوانبێژى لە ئەدەبى كورديدا ، عەزيز گەردى ،المكتبه الوگنيه،بەرگى يەكەم، بەغداد ،١٩٧٢ز ،ل ٨١.

## ملخص البحث

هذه الدراسة الموسومة ب((الصورة الشعرية في شعر (وفايى) الصورة الاستعارية انموذجا)), عبارة عن دراسة وصفية تحليلة من منظور الصورة الشعرية وخصوصا الصورة الاستعارية في الاشعار الكردية لــ(وفايى), يعد (وفايى) من ابرز واشهر شعراء الادب الكلاسيكي الكوردي وشعراء منطقة موكريان, وهو اول من نقل الاسلوب الشعري للمدرسة البابانية الى منطقة موكريان. اشعاره بكافة المقاييس الادبية والبلاغية والاستاطيقية ذات مستوى عال من الشعرية, وفي مستوى الصورة الشعرية اشعاره مزينة بالصور النادرة والفريدة.

يتكون هذا البحث من مقدمة و ثلاثة محاور :

يتضمن المحور الاول المفهوم والمصطلح ودور الصورة الشعرية في التفسير والبحث في البنية الشعرية وادراك وتحديد شعرية النص من ناحية الصورة الشعرية.

اما المحور الثاني يتضمن مفهوم ومصطلح الاستعارة كأهم اساس لرسم الصورة الفنية ورصانة في الشعر القديم والحديث وعرض وجهات نظر الباحثين ونقاد الادب.

المحور الثالث يتضمن الاستعارة وانواعها كاساس للصورة الفنية في شعر (وفايى), وهذا بتطبيقه على اشعار (وفايى).

وثم عرض تلك النتائج التي توصل اليها البحث, ومنها:

١- الاستعارة، يعتبر من احدى فنون التشبيه في الاصل. فن وضع الكلمة مكان اخرى والمقارنة واختلاط صفات و مميزات الاشياء.

٢- يستخدم (وفايى) نوعان من الاستعارة من حيث البروز والعموم وهما الاستعارة التصريحية والاستعارة المكنية، حيث يعد كل منهما الركيزة الاساسية في اعطاء اسمى مراتب الشعرية للنص الادبي، يتضمن الاستعارة التصريحية فن المقارنة والوضع، اما المكنية فيتضمن تبادل صفات الاشياء في طبيعة ومحيط الحبيبة، وبالعكس.

٣- حسب حساسية وضرورة المجالين، يستخدم الشاعر وفائي المحسوس للمحسوس والعقلي للمحسوس. وهذا يعني ان الوفائي قد استعار موضوع صفات الحبيبة فقط من موضوع المحسوس والعقلي، وليس من الحبيبة الى الموضوع العقلي ومن العقلي الى العقلي، يتضح مما سلف ان الحبيبة عند (وفايى) المركز وليس موضوع اخر.

٤- وجود نوعا الاستعارة (المجردة والمطلقة) في قصائد الوفائي دليل على انه كان على دراية كاملة بهذه الفنون، لان استخدام مثل هذه الفنون يحتاج الى الالمام والتركيز الدقيقين.

٥- استخدام الاستعارة وفنونها فقط من قبل وفايى، دليل على قدرة وبراعة الشاعر من الناحية الشعرية واللغوية.

## ABSTRACT


The present research, which is entitled "Imagery in Wafayi's Poetry; Metaphor as an example", is a descriptive analysis of Wafayi's Kurdish poems. Wafayi is one of the famous poets of classical Kurdish poetry in Mukrian region. He was the first poet to introduce the style of Babani's school to Mukrian region. His poems, by every means of rhetorical and aesthetic criteria, are of a high standard, and they are very rich concerning imagery.

The research consists of an introduction and three chapters: In the first chapter is about the concept and the role of imagery in analyzing and studying structure of a poem and assigning the poetics of a text.

In the second chapter, the concept of metaphor is analyzed as the most important element in figurative language, as well as referring to the views of scholars and critics.

In the third chapter, metaphor and its types as elements of figurative language in Wafayi's poetry is studied through practicing it on his poetry.

The research ends in a number of conclusions, followed by Arabic and English abstracts.